قوباد تاڵەبانی لەگەڵ وەفدێکی سەربازی ئەمریکا کۆبووە

نوسینگەی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ چوارشەممە، لە راگەیەندراوەکدا وتی، قوباد تاڵەبانی لە هەولێر پێشوازیکرد لە وەفدێکی سەربازی ئەمریکا بە سەرکایەتی برادلی کوپەر، جێگری فەرماندەیی فەرماندەیی ناوەندیی هێزکانی ئەمریکا (سەنتکۆم) و لە کۆبوونەوەی نێوانیاندا پرسی تیرۆر چێنیەتی بەهێزترکردنی هەماهەنگی نێوان هێزکانی هاوپەیمانان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی کوردستان تاوتوێکران.

وەك لە راگەیەندراوەکەدا هاتوە، لە کۆبوونەوەکەدا کە شەرش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگەو لیوا روکن بەختیار محەمەد سدیق، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەو مارک سترۆ، کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بون، قوباد تاڵەبانی سوپاسی هێزکانی ئەمریکای کرد کە بەردەوامن لە کارکردن لەگەڵ هێزکانی دژەتیرۆر و هێزە ئەمنییەکانی تری کوردستان و لەم دوایانەدا پەکەوە ئەپەراسیۆنی زۆر سەرکەوتویان لە دژی تیرۆریستان ئەنجامداوە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، لە تەوەری سەرکی کۆبوونەوەکەدا لەسەر پرسی تیرۆر لە عێراق و ناوچەکە

گفتوگۆکرا، هەردولا هاوڵابون تیرەر هەشتا هەڕەشەیەکی جدییە بەسەر ئاسایش و سەقامگیری عەراق و ناوچەکە، لەم چوارچۆیەدا جەگری سەرکۆزیران جەختیکردەوە لەسەر "گرنگی بەردەوامبونی کارکردنی هەزەکانی هاوپەیمانان لە عەراق، تا لەلایەکەوە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هەمو هەزە ئەمنییەکانی عەراق و هەرەمی کوردستان کەتایی بە هەڕەشەی تیرەر بهێنرەت و لەلایەکی دیکەشەوە یارمەتیدەری حکومەتی عەراق بن لە پاراستنی سەروەری خاکی عەراق و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا."